جیهانی چیرۆك

چیرۆك
بۆ منداڵان

# ئالان و پاساری

**بکر باراوی سلێمانی**

هەموو بەیانی‌یەك زوو زوو پاساری‌یە دەنگ خۆشەکە دەهاتە بەر پەنجەرەی ژوورە بچکۆلانەکەی « ئالان » و بەجریوە جریوێکی ناسك ئالانی لە خەو هەڵئەستان و رۆژ باشی ئەکرد .
هەر رۆژێکیش ئالان نەخۆش بوایە ، ئەو رۆژە چۆلەکە پاساری‌یەکە لەجاران زیاتر سەری لێ ئەداو دەهاتە لای ئالان : بە دەنگە خۆشەکەی خۆی گۆرانی بۆ ئەووت و زەردەخەنەی ئەخستە سەر لێوە تەنکەکانی و ئازاری نەخۆشیەکەی کەم ئەکردەوە . زۆر جار ئالان لە خۆشی‌دا لە جێگاکەی دەهاتە دەرەوەو بەرەو لای پەنجەرەکە ئەچوو . پاساریەکەش لەبەردەمیا ئەکەوتە قوونە قوون و لە پەنجەرەکە دوور ئەدەکەوتەوە .
وای لێهات ئالان و ئەو چۆلەکە پاساری‌یە بووبوون بە دوو هاوڕێی یەکتری . رۆژ لەدوای رۆژ یەکتریان زۆرتر خۆش ئەویست . تەنانەت شەوانیش ئەو دووانە بیری یەکتریان ئەکرد .
شەوێکیان ئالان کەوتە بیرکردنەوە لە پاساری‌یە خۆشەویستەکەی و لە دڵی خۆی‌دا ووتی : ـ
بۆچی من ئەو پاساری‌یە جوانە نەگرم و لە ژوورەکەی خۆمدا دایبنێم !؟ شەوو رۆژ لە بەرچاوم بێت؟ خواردنی خۆشی بدەمێ ، تا لێم دوور نەکەوێتەوەو ، زۆرتر گۆرانی خۆشم بۆبڵێ ؟ ئالان لە دڵی خۆیدا ئەو بڕیارەی‌دا . کاتێ بەیانی زوو پاساریە جوانەکە هاتە بەر پەنجەرەی ژوورەکەی ئالان و رۆژباشی لێکرد . ئالان پەنجەرەکەی کردەوە . پاساری بۆ ماوەیەك هەڵفڕو دافڕی‌کردو لەبەر دەمیا نیشتەوە . ئالان پەلاماری‌داو لە نێوان هەردوو دەستە خرپنەکانی‌دا بەندی کرد ! تکای لە دایك و باوکی کرد تا قەفەزێکی خنجیلانەی بۆ بکڕن و پاساری‌یەکەی تیا بەندبکات . پاساری ئەمەی زۆر پێ سەیربوو . بیری لەو رۆژانە دەکردەوە کە تا خۆر ئاوا ، ئەم چڵ و ئەو چڵی درەختەکانی دەکرد . کام شوێن بەرز بوایە بە شەقەی باڵ خۆی ئەگەیاندێ . چۆلەکە پاساری وای لێهات ، رۆژ لە دوای رۆژ لاواز ئەبوو . گۆرانی‌یە خۆشەکانی لەبیر دەچۆوە! خواردنە خۆشەکانی ئالانی بۆ نەدەخورا ! ئالان ئەمەی زۆر پێ ناخۆش‌بوو . بە تایبە تی کاتێك ئالان نەخۆش کەوت و پاساری‌یەکە بەبێ دەنگی سەیری ئەکردو تێی ئەڕوانی . ئەنجام ، ئالان لەم کارەی خۆی پەشیمان بووە . بڕیاری دا کە پاساری‌یەکە ئازاد بکات ، تا وەك جاران بە دەنگە خۆشەکەی هەموو بەیانی‌یەك خەبەری بکاتەوەو گۆرانی بۆ بڵێ ! بەیانی زوو ئالان پاساری‌یەکەی لە قەفەزەکە رزگارکرد . پاساری دای لەشەقەی باڵ و بەرەو بەرزایی ئاسمان و کێوەکان هەڵفڕی : لەو رۆژەوە پاساری بڕیاری دا کە هەرگیز نەگەڕێتەوە بۆ لای ئالان و جارێکی‌تر خۆی لە منداڵان نزیك نەکاتەوە .

• •

# نان

**ژنفیسینا : ڤۆلفگانگ بورشارت**
**وەرگێران ژئەلەمانی : عبدالواحدعبدالله**

بورشارت نڤیسەڤانەکێ ئەلەمانی‌یە ناڤ و دەنگیاوی بوی رەنگی چو بوو کو بەرهەمێت خو پێ نەخشاندین ژ هەژاری و نەخۆشی و بێزاریا هەمی خەلکی پشتی جەنگا جیهانێ یا دووێ . بورشارت ل سالا ۱۹۲۱ ل باژێرێ هامبۆرگ پێ هاتیە سەر دنیایێ ، پشتی خاندن بدیماهی ئینای ببو (پەرتووك